Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/garmian.20720410

# گەرمیان لە ماوەی هەزارەی دووەمی پ.ز*

**کۆزاد محەمەد ئەحمەد1 ڕێبوار سەرتیپ حەمید2**

1. بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

2. بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: **September , 2022**

Revised: **November, 2022**

Accepted: **December, 2022**

***Keywords***

کاشی، میتانی، نامری، بابل، گەرمیان

***Corresponding Author***

**پوختە:**

گەرمیان ناوچەیەکە گرنگی ستراتیژی و جوگرافیای و مێژووی دێرینی هەیە، کەوتەوەتە خوارووی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی سەروی عێراقی ئەمڕۆوە، سنورێکی فراوانی هەیە، هەمیشە بەشێکی زۆری ململانێ سیاسی و سەربازییەکان لەم ناوچەیەدا یەکلای بوەتەوە. بە درێژای مێژووی دێرین، گەرمیان وەک ناوچەیەکی سەر ڕێگای بازرگانی و سەربازی ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، نابێت ئەم ڕۆڵگێرانەش نادیدە بگیرێت. مێژووی دێرینی گەرمیان یەکێکە لە بابەتە زۆر گرنگەکان ئەوەش بۆ ئەو سنورە ستراتیژیەی گەرمیان دەگەڕێتەوە، بە درێژای مێژوو شوێنی چاو تێبڕین بووە. ئەم ناوچەیە نیشتمانی هەندێ لە گەلانی ناوچەی زاگرۆس بووە و هەندێ لە قەوارە سیاسیەکانی وەک سیموررووم و نامری و نیققوم و خارشی لەم ناوچەیەدا بوون، ناوچەی گەرمیان بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی میتانی، ئەررا پخا وەک پایتەختێکی هەرێمی و نوزی وەک ناوەندێکی ئەم پێگەیە بووە. هەروەها کاشی یەکان وەک دانیشتوانی ئەم ناوچەیە مێژوویەکیان تێدا تۆمار کردووە، کاشییەکانیش بە درێژای ڕوباری سیروان نیشتەجێ ببون، ڕۆڵێکی سیاسی دیاریان هەبووە لە ناوچەکەدا و پاشماوەی شوێنەواری سەردەمی کاشییەکان لە زۆر ناوچەکانی گەرمیاندا دۆزراوەتەوە، لە ئەنجامی کنەو پشکنینەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە باس لە مێژووی ئەم ناوچەیە دەکات لە ماوەی هەزارەی دووەمی پ.ز. ئەو ماوەیە چەند هێزی سیاسی گەورە لە ململانێدا بوون، گەرمیان وەک یەکێک لە هۆکارەکانی پێکدادان و ململانێی نێوان کاشییەکان و میتانییەکان و ئاشورییەکان و عیلامییەکان هەمیشە کە لە هەوڵدا بوون بۆ دەست بەسەرداگرتنی گەرمیان. ئەوەش لەبەر پێگەی ستراتیجی و ڕێگا بازرگانییەکان بە ناوچەکەدا تێپەڕدەبن و ناوچەکانی دۆڵی دووڕوبار و کوردستانی دێرین و ئێران دەوروبەری پێکەوە دەستێ.

---

## پێشەکی

مێژووی دێرینی مێسۆپۆتامیا یەکێکە لە گرنگترین و دێرینترین شارستانیەتەکانی جیهان، لە دێرزەمانەوە لە چاخ و سەردەمە جیاوازەکاندا خزمەتێکی دیاری بە مێژووی ژیان و ژیار لە جیهاندا گەیاندووە، لەم خزمەتەشدا ناوچە جیاوازەکانی نێوان مێسۆپۆتامیا و زاگرۆس پشکی شێریان بەرکەوتووە لە مێژووی دێریندا، ناوچەی گەرمیان لە نێوەندیاندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، لە بنیادنان و گەشەسەندنی فەرهەنگ و شارستانییەتەکانی ناوچەکە. گرنگی ئەم بابەتەش بۆ پێگەی جوگرافیایی گەرمیان دەگەڕێتەوە وەک ئەلقەیەکی پێکەوەبەستنی نێوان ناوچەکانی باکور و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقی ئەمڕۆ، لە مێژووی دێریندا ئەم ناوچەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هاوکات بەشێک بووە لە هاوکێشە سیاسی و ئابورییەکان،هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ زیاتر تیشک خستەسەری ئەم مەودا و هەڵوەستە لەسەرکردنی مێژووی دێرینی ناوچەی گەرمیان بووە، گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە ئەو مەودایەی بۆ توێژینەوەکە وەرگیراوە قۆناغێکی گرنگی مێژووی دێرینی گەرمیان پێکدەهێنێت. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژووی شیکاری بەکارهاتووە بۆ سەرنج و ڕونکردنەوەی دۆخی ناوچەکە. لە هەمانکاتدا وەک هەوڵێک ئەم توێژینەوەیە بۆ سەر سێ بابەتی گرنگ دابەشکراوە، ئەوانەش کاشی یەکان لە گەرمیان و نامری ناوچەی نیشتەجێبوونی کاشی یەکان لە ناوچەی گەرمیان دواتریش باس لە سەردەمی دەسەڵاتی میتانی یەکان دەکەین لە گەرمیاندا کە تاوەکو ناوچەکانی خوارووی کەرکوک سنوری دەسەڵاتیان درێژ بووەتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شیکەرەوەی ئەو پرسیارانە بێت کە ڕۆڵی گەرمیان لەماوەی هەزارەی دووەمی پ.ز.دا لە ململانێ سیاسیەکاندا چۆن بووە؟ گەرمیان لەو ماوەیەدا لە ڕووی سەرچاوەکانەوە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرجەم ئەو بابەتانەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئامادەکراون وەک نامە و تێزەکان، لەگەڵ ئەو کنەوپشکنینانەی لە ناوچەی گەرمیاندا کراوە.

### یەکەم/ سەردەمی کاشی یەکان لە گەرمیان

ناوچەی گەرمیان ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی باشوری کوردستان پێکدەهێنێت، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان/ عێراق، لە نێوان بازنەی پانی 33 و 35 باکور و هێڵی درێژی 41 بۆ 44 ڕۆژهەڵات،(پالانی، 2018: 131) ئەم ناوچەیە ڕووبەری 37% کۆی ڕووبەری هەرێمی باشوری کوردستان پێکدەهێنێت، لەگەڵ 7% ڕووبەری هەموو خاکی عێراق، ئەمەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.( دەروێش، و محەمەد, 2017: 93) سنورەکەی لە ڕووی سروشتییەوە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە، لە نێوان هەردوو زێی سیروان (دیالە) و ڕوباری زێی بچوک، لەگەڵ زنجیرە بەرزاییەکانی 'حەمرین = Ebih'ی دێرین'(ابراهیم, 2019: 3) لە باکوریشەوە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لە ڕۆژئاوا و باشورەوە لەگەڵ پارێزگاکانی سلاحەدین و دیالەدا هاوسنورە، لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژای 153 کم سنوری هەیە.(پالانی، 2018: 131)

سەرچاوە و تێکستە مێخییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کاشی یەکان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی زاگرۆسن, نیشتەجێی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کەرکوک و گەرمیان و بەرەو ناوچەی بەرزاییەکانی لورستان بوون (زاموا، 2020: 238). هەندێ سەرچاوەی دیکە هەن ئاماژە بە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی بابل دەکەن، وەک مەڵبەندێکی نیشتەجێ بوونی کاشی یەکان، پێش دەستبەسەرداگرتنی بابل (جلیلیان، 1391 :24).

بە گشتی کاشی یەکان لە دانیشتوانی زاگروسن و پیشەیان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، بە زمانێ قسەیان کردووە تارادەیەک لە زمانی عیلامی چووە، ئەوان دراوسێی عیلامی یەکان بوون, لە چارەکی چوارەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین هەندێک لە کاشی کان بە جموجوڵ و کۆچکردن لە بەرزاییەکانەوە هاتونەتە ناوچەکانی سەرەوەی ڕوباری دیالە و لقەکانی و لەوێوە جار جار هێرشیان کردووەتە سەر بابل (دیاکونوف، 2008: 173). لەو سەردەمەدا کاشی یەکان بە شێوەی گروپی بچوک بچوک دەردەکەون، لە دەوروبەری

شارەکان سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و هەندێکیشیان هەر لە سەرەتاوە چونەتە بابل و وەک هێزی سەربازی بەشدارییان لە سوپای بابلدا کردووە، بەشێکیشیان لە ناوچەکانی سەرەوەی بابلدا نیشتەجێ ببون. ئەمانە مەترسییان لە سەر بابل دروست کردبوو (Kuhrt, 1995: 333). بەڵگە مێژووییەکان و تێکستەکان دەریدەخەن کاشی یەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی حامورابی و تەنانەت لە سەردەمی 'سین-موبەڵیت' Sîn-Mubaliṭ ی باوکیدا بە شێوەی ئاشتیانە هاتونەتە بابل، لە مۆرێکی سەردەمی سین-موبەڵیتدا ناوی کاشی یەکان تۆمارکراوە (جلیلیان، 1391: 27). یەکەمین ناوهێنانی کاشی یەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1770 پ.ز. لە بابل کاشی یەکان وەک جوتیار تۆمارکراون (Zadok, 2013: 440). یەکەمین ئاماژەیەکیش بۆ چۆنێتی هاتنیان بۆ ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا بۆ سەردەمی دەسەڵاتی 'ریم-سین Rī m-Sîn' چواردەیەمین و دوایەمین پاشای بنەماڵەی 'لارسا' Larsa دەگەڕێتەوە (جلیلیان، 1391: 27)، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی سیاسی بۆ کاشی یەکان لە پێش ساڵی 1741 پ.ز. تا ئێستا بەردەست نیە، بەڵکو لە سەردەمی 'سەمسو-ئیلونا' Samsu-ī luna' چالاکی سیاسی و سەربازییان دەردەکەوێت (Zadok, 1987: 17).

لە سەردەمی بابلیدا بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی سەمسو-ئیلونا شەشەمین پاشای بنەماڵەی بابلی یەکەم 1712-1749 پ.ز. بۆ یەکەمجار هێرشی کاشی یەکان لە تۆمارەکاندا دەردەکەوێت، هێرشیان کردووەتە سەر سنورەکانی دەوڵەتی بابلی، بەڵام سەمسو-ئیلونا سەرکەوتوو بووە لە دورخستنەوەی مەترسی کاشی یەکان, ئەمەش لە ساڵی نۆیەم 1740 پ.ز. ی دەسەڵاتەکەیدا بووە (Gadd, 2008: 224). لەم سەردەمەدا سەمسو-ئیلونا باس لە هەڵگەڕانەوەی ریم-سین دەکات، لەگەڵ کاشی یەکان بە دوژمن ناویان دەبات، دەڵێت ناتوانین بیانگەڕێنینەوە بۆ ناوچە شاخاویەکانی خۆیان، لە هەمانکاتدا باس لەوە دەکات کە وەرگێڕیان بەکارهێناوە بۆ قسەکردن لەگەڵ سەرکردە کاشی یەکان (Paulus, 2011: 2). لە دوای سەرکەوتنەکەی سەمسو-ئیلونا ساڵێکی دەسەڵاتەکەی کە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی بووە بەناوی ئەو ساڵەی هێرشی کاشی یەکانی تێکشکاند, ناو دەبات. (Ahmed, 2012: 420).

کاشی یەکان لە دوای ئەم هێرشە بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک ناوهێنانیان کەم دەبێتەوە لە سەرچاوەکاندا، هەروەها بابل توانی بۆ ماوەیەک دەسەڵاتەکەی بە پارێزراوی بهێڵێتەوە (Hallo, 1998: 98). ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە، لە سەردەمی سەمسو-ئیلونا و 'سەمسو-دیتانا' Samsu-Ditana' تەنها 36 بەڵگەنامە هەیە باس لە کاشی یەکان دەکات بە ئاشکرا، ئەو تێکستانەش زیاتر لە سیپپار و بابل و کیش بەردەست کەوتوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاشی یەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بوون لە ناوچەکەدا. بەشێکی ئەو تێکستانە ناوی کەسی کاشی تێدایە، لەو 36 تێکستە 21 تێکست بە ئاشکرا باس لە بوونی کاشی یەکان دەکات لە سوپای بابل و هەندێکیشی تێکستی بازرگانین (Sassmannshausen, 2004: 288). لە دەیەی کۆتایی دەسەڵاتی سەمسو-دیتانا دەسەڵاتی کاشی یەکان لە ناوچەکانی دیالەدا زیاتر بووە، بەتایبەت لە ناوچەکانی 'ئێشنوننا تەل ئەسمەری ئەمڕۆ' و دەوروبەری، هەروەها ناوچەی تەل موحەمەد (پێدەچێت تۆپلیاشی دێرین بێت) پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی شانشینی 'یەموتبال Yamutbâ il'دا بووە، هەمووی کەوتە ژێر دەسەڵاتی کاشی یەکانەوە (Van Koppen, 2011: 64). لە دوای هێرشە سەرنەکەوتووەکەی سەر بابل پێدەچێت کاشی یەکان زنجیرەیەک شانشینیان لە سەرچاوە و لقەکانی ڕوباری دیالەدا (لە ناوچەکانی گەرمیان)دا بنیاد نابێت، بەشی خوارەوەشی لە ژێر دەسەڵاتی ئێشنونادا بوبێت، لەوکاتەدا بە 'توپلیاش' Tupliaš[1] دەناسرا (دیاکونوف، 2008: 177).

[1] ئەم ناوە بە دوو شێوە دێت (توپلیاش و توگلیاش) دەکەوێتە سەر ڕوباری دیالە، لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلەوە، ناوچەیەکی کاشی نشین بووە لەگەڵ نیقوو بەشێك بووە لە مەملەکەتی نامری. پڕوانە: Fuchs, Andreas., "Tupliaš", *RIA*, Vol. 4, Berlin, (2014-2016), p. 191.

لە سەردەمی دواتردا لە کاتی دەسەڵاتی 'ئەبی-ئێشوخ Abi-Ešuḫ'دا 1684-1711 پ.ز. جارێکی دیکە کاشی یەکان هێرش دەکەنەوە سەر بابل. بەڵام بابل نەیهێشت دەسەڵاتی سیاسییان لە ناوچەکانی خوارووداا بۆ دروست ببێت (Hamblin, 2006: 183). لە هەمانکاتدا بابل نەیتوانی ڕێگر بێت لە دروست بوونی قەوارەیەکی سیاسی بچوک لە ناوچەی خانە (عانەی ئێستا) لە لایەن کاشتیلیاشی فەرمانڕەوای کاشی یەکانەوە لە ساڵی 1700 پ.ز (Brinkman, 1980: 466). هەندێ دەسەڵاتداری کاشی یەکان لە پێش کاشتیلیاش ناویان هاتووە وەک (گانداش Gandaš لە 1726-1741 پ.ز.، ئاگوم Agum ی گەورە 1704-1725 پ.ز.، پاشان کاشتیلیاش Kaš tiliašی یەکەم دێت لە 1684-1700 پ.ز.، دواتر ئاوشی Auš i 1683-1674 پ.ز.، ئابی-راتاش Abi-Rataš لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم)، بەڵام ئەمانە دەسەڵاتیان هێندە بەهێز نەبووە، زۆریشیان لەبارەوە نازانین (دیاکونوف، 2008: 177). لێرەدا مەرج نیە دەسەڵاتی سیاسییان نەبوو بێت بەڵکو زانیاریان لە بارەوە کەمە یاخود لە بارەیانەوە نەنوسراوە، لەبەرئەوە پێش هاتنە ناو وڵاتی بابل حوکمی خۆیانیان کردووە.

دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی کاشی یەکان لە ناوچەکانی سەرەوەی دیالە تاوەکو وەرگرتنی دەسەڵات لە بابل نزیکەی 150 ساڵی پێچووە (جلیلیان، 1391: 31). کاشی یەکان لە تێکستەکانی سەدەی هەژدەیەمی پ.ز. بەشێوەی گرووپی سەربازی و هەروەها تاکەکەسی سەرقاڵی دروستکردنی عارەبانەی دوچەرخی سەربازی و بەخێوکردنی ئەسپ بوون (Malko, 2020: 17). هەروەها لەو ماوەیەدا کاشی یەکان وەک خەڵکانی کۆچەری (ئەوانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن) لە ناوچەکەدا بەردەوامیان بە ژیانیان داوە (Bryce, 2009: 375). بەشێکی دیکە لە کاشی یەکان سەرقاڵی کاری بازرگانیکردن بوون و کۆنترۆڵی بازرگانیی نێوان ناوچەکانی بابل لە باشور و باکوریان کردبوو کە بەشێکی زۆریان بە ناوچەکانی گەرمیاندا تێپەڕدەبوون (Boivin, 2016: 102). لەبەرئەوە کاشی یەکان هەمیشە ئامادە بوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە بابل دروست دەبوون، بەهۆی لاوازی سەمسو-دیتانا, کاشی یەکان لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی دیاریان بینیوە لە بابل (Van Koppen, 2010: 459).

دەکرێت کۆمەڵە هۆکارێک هەبووبن بۆ هێرش و هاتنی کاشی یەکان بۆ ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا، وەک زیاد بوونی بەرهەمی ناوخۆ و گەشەسەندنی گشتی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە ناوچە شاخاوییەکاندا، هەروەها گەشەی بەرچاوی کانزاکاری پاڵپشتیەکی باشی کاشی یەکان بوو بۆ بەهێزبونیان (عەلی یێف، 2016: 290). لەم کاتەدا لە تێکستەکاندا دەردەکەوێت خەڵکانی کاشی لە بابلدا زەوییان بۆ خۆیان کڕیوە و سەرقاڵی بازرگانی ئەسپ و کرێکاری و دروێنەکردن بوون. لە بەڵگەنامەیەکی سەردەمی 'ئامی-دیتانا Ammi-Ditana'دا هاتووە، خەڵکانی کاشی پارچە زەوییان بۆ کاری کشتوکاڵکردن، بە کرێ گرتووە (جلیلیان، 1391: 27).

کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی یارمەتیدەر بوون کاشی یەکان بکشێن بەرەو مێسۆپۆتامیا، ڕەنگە شەپۆلی کۆچی ڕەگەزە هیندۆ ئەورووپییەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز. دا کاریگەری هەبوبێت لە سەر چوونی کاشی یەکان بۆ بابل (عەلی یێف، 2016: 291). هەموو ئەو بۆشاییانەی لە هێزی کار و هێزی سەربازی لە بابلدا هەبوون کاشی یەکان پڕیان دەکردەوە، بەم شێوەیە وردە وردە لە بابلدا ژمارەیان زیادی کرد، دانیشتوانی بابلیش دەستی کاری کاشی و هێزی کاشی یان بەکاردەهێنا (Paulus, 2011: 4). کۆمەڵێک هۆکاری دیکە وەک نەمانی حاموڕابی و هاتنە سەرکاری کوڕ و نەوەکانی کە پاشایانی لاواز بوون. لەم کاتەدا بنەماڵەی بابلی یەکەم بەرەو لاوازی ڕۆیشت، لە سەردەمی 'سەمسو-دیتانا' دا لە ناوچەکانی باشور لە زۆنگاو و کەنارەکانی کەنداو دەسەڵاتێک دروست بوو بە ناوی بنەماڵەی وڵاتی دەریا و بە بنەماڵەی دووەمی بابلی دەناسرێ. لە دواتردا حیثییەکان ئەم لاوازییەی بابلیان بە دەرفەت زانی و لە ساڵی 1595 پ.ز. هێرشیان کردە سەر بابل و گرتیان و

**کۆتاییان بە بنەماڵەی بابلی یەکەم هێنا (ئەحمەد لە زەکی بەگ، 2020: 569).**

**حیثییەکان لە سەردەمی 'مورشیلی Murš ili'ی یەکەم بەرەو بابل کشان و بە بێ کاشی یەکان نەیان دەتوانی بەتەواوی بابل کۆنترۆڵ بکەن، لەبەرئەوە هاوپەیمانییان لە گەڵ کاشی یەکان بەست[2]. لە دوای داگیرکردنی بابل لە ساڵی 1595 پ.ز. حیثییەکان لە پاش تاڵانکردنی بابل شارەکەیان بە جێ هێشت، بۆ خاتوشای پایتەختیان گەڕانەوە و لە هەمانکاتدا سەمسو-دیتانا دوا پاشای بابلی یەکەم کۆتایی هات (جلیلیان، 1391: 30). ئەو زنجیرەیەی کاشی یەکان دروستیان کردبوو لە ناوچەکانی دیالەی و لە سەرەوەتردا ئەم دەرفەتەیان بە هەند وەرگرت و ئەو بۆشاییەی لە هێزی دەسەڵات لە بابل دروست ببوو لە دوای کشانەوەی حیثییەکان[3] کاشی یەکان پڕیانکردەوە (جلیلیان، 1391: 27).**

**لەم قۆناغەدا کاشی یەکان کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتی سیاسیان لە بابل کرد، بەڵام زانیاریەکانمان کەمن لەسەر دەسەڵات و شێوازی حوکمڕانییان. یەکەم پاشای کاشی لە بابلدا دەسەڵاتی وەرگرت ناوی 'ئاگوم Agum' بوو، بە ئاگوم کاکریمێ دەناسرێتەوە و تاوەکو ساڵی 1570 پ.ز. لە دەسەڵاتدا بووە (Brinkman, 1972: 274). یەکەم کاری ئەم پاشایە گێڕانەوەی پەیکەری خواوەند مەردوک و صارپانیتومی هاوسەری بوو بۆ بابل و دوبارە نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکانی بابل بوو (Goetze, 1964: 98). لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی بابل, کاشی یەکان هەرگیز دەست بەرداری سونەت و ئاکاری خۆیان نەبوون، ئەوەی خۆیانیش بەسەر بابلدا نەسەپاند، لە هەمانکاتدا بەشێکی کاشی یەکان لە نیشتمانی خۆیان مانەوە لە ناوچەکانی زاگرۆس لە دراوسێیەتی لوللویی و گوتی یەکان (جلیلیان، 1391: 34). ناوی کەسی کاشی جیاواز بوو لە ناوی بابلی یەکان، لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا بە زمانی کاشی دەدوان, بەڵام بە زمانی بابلی دەیاننوسی، هەندێجاریش زاراوەی کاشی یان تێهەڵکێشی نوسینەکانیان دەکرد، پێدەچێت مەراسیمە ئاینی و داستانەکانیان بە شێوەی زارەکی بەیان کردبێت (Kuhrt, 1995: 338).**

**زنجیرەی پاشایەتی کاشی لە بابل زیاتر لە 400 ساڵ درێژەی کێشا، لە سەرەتای دەسەڵاتیاندا هیچ زانیاریەکمان لەسەر گەرمیان لە بەردەستدا نیە، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی 'ئاگوم'ی دووەم 1525-1500 پ.ز. یەکەم هێرشی بۆ ناوچەکانی دیالە و لقەکانی ڕوباری دیجلە ئەنجام دەدات (Cassana, and Glatz, 2019: 440).**

**پێدەچێت ئەمە یەکەم دەستێوەردانی سیاسی کاشی یەکان بوبێت لە ناوچەکانی سەرەوە و خوارەوەی دیالە، لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر ڕێگای خوراسان کە لە نوسینەکانی 'ئاگوم کاکریمێ'ی دووەم لە ساڵی 1500 پ.ز. دەڵێت "دەسەڵاتم بەسەر ناوچەکانی ئێشنوننا و سەرزەمینی پادان و ئالمان[4] و سەرزەمینی گوتی یەکاندا گرت" (Cassana, and Glatz, 2019: 442). پاشانیش نازناوی پاشای پادان و ئالمان و پاشای گوتی لە خۆی نا (الامین، 1963: 521).**

**دوا بەدوای بەهێزبوونی کاشی یەکان و جێگیر بوونی دەسەڵاتیان، کەوتنە ململانێ و هێرش بۆ سەر وڵاتی دەریا لە باشوری بابل، لە ساڵی 1460 پ.ز. ئولام بوریاش پاشای کاشی توانی کۆتایی بە وڵاتی دەریا بهێنێت، ناوی وڵاتەکەی**

---

[2] زۆرێك لە سەرچاوەكان باس لە بوونی پەیوەندی و هاوپەیمانی نێوان كاشییەكان و حیثییەكان دەكەن، بەڵام تاكو ئێستا هیچ یەك لەو سەرچاوانە نەیانتوانیوە بە بەڵگەیەكی شوێنەواری یاخود تێكستێك ئەم بابەتە پشت ڕاست بكاتەوە. لەبەرئەوە تاوەكو دۆزینەوەی بەڵگەكان ئەم وتانە تەنها ئەگەرێكن.

[3] تێفکرین بۆ چەند و چۆنی هێرشی مورشیلی بۆ ئەوپەری باشور و داگیرکردن و وێرانکردنی بابل دواتر دروست بوونی بۆشایی سیاسی گەورە لە بابل و گەڕانەوەی بۆ پایتەخت، هۆکارەشی بۆ ئەو هەڵگەڕانەوە بوو کە ببوە هۆکاری پشێوی لە کۆشکی شاهانەی خاتوشای پایتەخت، لەلایەن هانتلی زاوایەوە بەرپا کرا بوو، دوای گەڕانەوەی مورشیلی گرتی و تیرۆری کرد، تەختی پاشایەتی بۆ خۆی وەرگرت. بڕوانە: ڤان دی میروپ، مارك ، *مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن لە دەوروبەری 3000 -323 پ.ز*، و.عەلی نادر، سلێمانی، 2018، ل. 186-187.

[4] ئەم دوو شارە لە زۆرێك لە تێكستەكاندا ناویانە بە یەكەوە هاتووە، پادان پێدەچێت لە كەنارەكانی ڕوباری سیروان بێت لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵام ئالمان دەكەوێتە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو، بە پێی هەندی لە سەرچاوەكان دوری نێوان ئەم دوو شارە دوو ڕۆژە ڕێ بووە. بڕوانە: Cassana, J., and Glatz, C., of Highland –low land Borderlands , p. 131.

**گۆڕی بۆ وڵاتی 'کاردونیاش' Karduniaš ' (Stillman, and Tallis, 1984: 26). لە سەردەمی بەهێزیی کاشی یەکان و ئاشورییەکان, گەرمیان ناوەندێکی ململانێی نێوان ئەم دوو زلهێزە بووە، هەرکام لەم دوو هێزە بەهێزتر دەرکەوتنایە پەلاماری ئەوی دیکەی دەدا، لە کاتی بە هێزبوونی هەردوولادا ئەوا ڕێککەوتن لە نێوانیاندا دەهاتە کایەوە، وەک ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان 'بورنابوریاش Burnaburiaš'ی جێگرەوەی ئاگوم کاکریمێ لەگەڵ 'پوزور- ئاشور Puzur-Aš š ur'ی پاشای ئاشور بۆ مەبەستی دیاریکردنی سنوری نێوانیان دروست بوو، سنوری نێوانیشیان بە هێڵێک بە سامەڕڕادا تێپەڕ دەبوو (باقر، 2012: 498). وەک لە تێکستەکەدا هاتووە دەڵێت "پوزور ئاشوری سێیەم پاشای ئاشور و بورنابوریاشی یەکەم پاشای وڵاتی کاردونیاش سوێندیان خوارد بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان" (Goetze, 1964: 98). لە قۆناغەکانی دواتردا, پاش نزیکەی 100 ساڵ و جارێکی دیکە لە دەوروبەری ساڵی 1430 پ.ز. ڕێککەوتنی سیاسی بۆ مەبەستی دیاریکردنی سنور لە نێوان کاردونیاش و ئاشورییەکاندا ئەنجام دراوە (باقر، 2012: 498). لە تێکستەکەدا هاتووە "کارائینداش Karaindaš پاشای وڵاتی کاردونیاش لەگەڵ 'ئاشور- بێل-نشیشو Aš š ur- Bē l-Nš è š u'ی پاشای وڵاتی ئاشور ڕێککەوتن بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان" (Grayson, 1970: 158).**

**ئەوەی زانراوە ناوچەکانی دیالە بەگشتی لە سەردەمی دەسەڵاتی کاشی یەکان لە بابلدا ڕۆڵی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکوو ئەم ناوچەیە بەهۆی هاوسنور بوونی لەگەڵ عیلام و ئاشور هەمیشە چەقی ململانێی نێوان ئەم هێزانە بووە، زۆرجاریش نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت وێرانکراوە (Adamse, 1965: 53). لەبەرئەوە کاشی یەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ناوچەکانی دیالە و سەرەوەتر بۆ ناوچەکانی زاگرۆس کۆنترۆڵ بکات بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی و گرتنی ڕێگا بازرگانیە نێودەوڵەتیەکاندا، ناوچەکانی میسۆپۆتامیا بە ناوچەکانی زاگرۆسەوە دەبەستەوە. لەوێوە بازرگانی بەردە بەنرخەکانیان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ دەکرد، بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنران، 'کادشمان-ئینلیل Kadš man-Enlil'ی یەکەم 1374-1360 پ.ز. و بورنابوریاشی دووەم 1360-1333 پ.ز. کۆمەڵێک بەردی بەنرخ و ئەسپ وەک دیاری دیپلۆماسی بۆ هاوتا میسریەکەی ناردووە، ئەسپەکان بەزۆری هی ناوچەی نامری بوون (Cassana, and Glatz, 2019: 442). 'ئاشور –ئوبەلیت Aš š ur-Uballiṭ'ی یەکەم توانی هێرش بکاتە سەر ناوچەی هەولێر و دەوروبەری کەرکوک, نوزی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی ئاشورییەوە (عبدالصمد، 2008: 79). لەوکاتەدا وڵاتی کاردونیاش کۆمەڵێک ڕاپەڕینی ناوخۆی بەرپا بوبوون، تەنانەت توانیان 'کارا-خارداش' لە دەسەڵاتدا بکوژن. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی ئاشور ئوبالیت دەست بخاتە کاروباری وڵاتی کاردونیاش و 'کوریگالزو Kurigalzu'ی بچوک[5] لەسەر تەختی دەسەڵاتی بابل دابنێت (ساکز, 1999: 69).**

**لە هەمان کاتدا وڵاتی کاردونیاش لە سەدەی سیازدەی پ.ز. لە ململانێدا بووە لەگەڵ وڵاتی عیلام لەسەر ناوچەی پادان و ئالمان. لە سەردەمی کوریکالزوی کاشی و 'خورباتیلا Ḫurbatila'ی پاشای عیلامی ئەم ململانێیە بەردەوام بووە، تاوەکو لە کۆتای سەدەی سیازدەیەم بەهۆی سەختی ململانێی کاشی و ئاشوری لە لایەک و کاشی و عیلامی لە لایەکی دیکەوە. عیلامییەکان توانیان بەیەکجاری ناوچەکانی پادان و ئالمان داگیر بکەن (Cassana, and Glatz, 2016 :131). لە سەر سنور لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاودا کودرویەکی کاشی یەکان دۆزراوەتەوە لە ئێستادا لە ئەنتیکەخانەی تاران پارێزراوە، باس لە جوگرافیای هالمان**

---

[5] هۆکاری ئەم دەست تێوەردانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوسەرگیریە سیاسیەی لە نێوان ئاشور و کاردۆنیاشدا هەبوو، لەبەرئەوەی ئاشور ئوبەللیت کچەکەی خۆی ناوی موبەللیتات_شێرووا بوو دا بە کاراینداشی کوری بورنابوریاشی دووەم، کاتێکیش کاراخارداش کوژرا، کوریکالزوی نەوەی کچەکەی لەسەر تەختی دەسەڵات دانا. بڕوانە: ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، پەراوێزی ژمارە 2، لە ئەمین زەکی بەگ، خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ب2، سلێمانی، 2021، ل. 581.

و ڕوباری مێتوران دەکات، کە لە ڕووی جوگرافی و کارگێرییەوە چۆن بووە (Borger, 1970: 1).

لە سەدەی پازدەیەم پ.ز. پەیوەندی لە نێوان دانیشتوانی 'نوزی دەکەوێتە یورغان تەپە' و کاشی یەکاندا هەبووە، کاشی یەکان لە پاڵ دانیشتوانە خوورری یەکەی نوزیدا ڕۆڵی کارایان هەبووە لە بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی ئەسپ و تەنانەت هەندێکیان پلە و پۆستی سەربازی و دادوەریان لە نوزیدا هەبووە (Malko, 2020: 18). لە دوای داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە بابل بەشێکی زۆری کاشی یەکان لە ناوچەکانی زاگرۆس ماونەتەوە، ئەمانەش لە تێکستەکانی نوزیدا ئاماژەیان بۆ کراوە، بە وڵاتەکاشیان وتراوە وڵاتی کاشی یەکان، بە تایبەتیش ناوچەکانی باشوری کەرکوکی ئەمڕۆیی دەگرتەوە (Sassmannshausen, 2004: 292). لە هەمانکاتدا لە تێکستەکانی نوزیدا هاتووە چەند کەسێکی کاشی لە 'وڵاتی کاشی Mat- Kaš š uḫ i یییەوە' هاتوون، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە جوگرافیا و پێگەی وڵاتی کاشی بکات، پێدەچێت ئەو وڵاتی کاشییە ئەو دەڤانە ئاماژەی پێ دەکەن کەوتبێتە باشوری ئەرڕاپخاوە (Malko, 2020: 76). کاشی یەکان لە ئەرڕاپخادا سەرقاڵی کاروباری بازرگانیکردن بوون، بەتایبەت کاری کڕین و فرۆشتنی جۆیان کردووە (Mahammad, 2013: 130). کاشی یەکان لە ساڵانی 1440 بۆ 1340 پ.ز. سنوری دەسەڵاتیان تاوەکو ناوچەکانی کەرکوک درێژ بوەتەوە, نزیکەی دوو لە سەدی دانیشتوانی کەرکوک کاشی یەکان پێکیان هێنابوو (Stein, 1997: 272).

لە تێکستەکانی نوزیدا دەقێک هەیە باس لە هۆزێکی کاشی یەکان دەکات، ناوی ئەم هۆزە 'کیززوک Kizzuk' بووە، ناوچەکەیان بە هەمان ناو ناوی بردراوە، ئەمانە هۆزێکی کاشی بوون و سەرقاڵی کاری بازرگانی و کشتوکاڵ و تەنانەت هەندێ جاریش ململانێ لەسەر زەوییە کشتوکاڵی و موڵکەکانیان دروست بووە (Maidman, 1983: 20). برینکمان باوەڕی وایە کاشی یەکانی نوزی لە بنەڕەتدا خەڵکانێکی دەست ڕەنگین و شارەزا و هەندێکیشیان وەک کرێکار و تەنانەت وەک کۆیلەش لە شارەکەدا بوون، لە ڕاستیدا ئەوانە خەڵکی سەرزەمینی کاشی یەکان بوون (Brinkman, 1968: 469).

لە سەدەی چواردەیەمی پ.ز. کاشی یەکان لە ناوچەکانی دیالە بۆ ناوچەکانی دیلمون Dilmun' (بەحرین) لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە، لەو سەردەمەشدا یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتەکانی سەردەمی خۆی بووە(Kuhrt, 1995: 340). بەڵام پێدەچێت هەموو ناوچەکانی شێروانە و کەلار هەتاوەکو بناری بەمۆ بەشێک لە خاکی کاشی نشین بووبێت. بە تایبەت لە شێروانەدا پاشماوە شوێنەواری کاشی تێدا دۆزراوەتەوە (عبدالصمد، 2008: 78). لەم قۆناغەدا کاشی یەکان هەمیشە لە هەوڵدا بوون بۆ پاراستنی ناوچەی گەرمیان، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی ڕێگا بازرگانیەکانی بابل بۆ دیالە و بۆ بانی ئێرانی ئەمڕۆ، لەبەرئەوەی ڕێگایەکی بازرگانی گرنگ بووە، بەردی بەنرخیان پێدا هاوردە و هەناردە دەرکرد و لە بابلدا بازاڕێکی باشی هەبوو (Kuhrt, 1995: 341). لە هەمانکاتدا ناوچەکانی دیالە (گەرمیان) بەشێکی زۆری دانەوێڵە و بەروبومی کشتوکاڵی و هەروەها ئەسپی دابیندەکرد و بۆ وڵاتی کاردونیاشی هەناردە کردووە (Sassmannshausen, 2004: 293). گرنگیی دیالە و حەمرین لەوەدا بوو بە شادەماری سەرەکی مێسۆپۆتامیا دادەنرا، لەبەرئەوەی ناوچەی گەرمیان ئەڵقەی پەیوەندی نێوان زاگرۆس لە باکور و مێسۆپۆتامیا بوو لە باشور، دەسەڵاتی هەرهێزێکیش پەیوەست بووە بە ناوچەی دیالە و ناوچەکانی سەرەوەتر، لەبەرئەوە ئەم ناوچەیە بەردەوام جێگەی مشت و مڕی سیاسی و سەربازی بووە، ناوچەکەش سنورێکی جیاکەرەوەی ڕونی نیە بتوانرێت بە ئاسانی جیا بکرێتەوە (David, 2007: 497).

میتانییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی 1340-1330 پ.ز, و لە سەروبەندی کۆتایی دەسەڵاتیاندا هەمیشە لە دژی ئاشورییەکان لە ململانێ و جەنگدا بوون، لەم نێوەندەدا کاشی یەکان چاویان لەسەر ئەرڕاپخا بوو، لە دوای کۆتایی هاتنی میتانییەکان ئەرڕاپخا بووە بەشێک لە قەڵەمڕەوەی وڵاتی کاردونیاش (Miller, 2011: 96). هەمیشە هەوڵی ئاشورییەکان ئەوە بووە ئەرڕاپخا و سەرجەمی ئەو ڕێگایانەی

دەڕۆنەوە سەر نامری بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە (دیاکونوف، 2008: 180)، لەم سەردەمەدا کاشی یەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبوو لەگەڵ ناوچەکانی دیالە و سەرەوەتردا کە پێشتر لێی نیشتەجێ ببوون (Van Koppen, 2007: 217).

لە سەردەمی 'نازی-ماروتتاش 'Nazi-Maruttaš 1307-1282 پ.ز. دا کە هاوچەرخی پاشای ئاشوری 'ئەدەد-نیرار 'Adad-Nerariی یەکەم بوو, لە سالآنی 1305-1274 پ.ز. ململانێ لە نیوان ئاشور و بابلدا دروست بوو، پێدەچێت هۆکاری ئەم ململانێیەش بۆ دروست بوونی مەترسی کاشی یەکان لە بەهێزی ئاشور و فراوانخوازی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی کاشی یەکان و دروست بونی مەترسی لەسەر ڕێگا بازرگانییەکان بووبێت، جەنگی نێوانیان لە ناوچەی ئوگارسەللو[6] بەرپابوو، لە شاری 'کار-ئیشتار 'Kar-Iš tar نازی-ماروتتاش کاشی شکستی هێنا و بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی لە دەست دا (کینگ، 1386: 233). ئەدەد-نرار توانی 'ئوگارسەللو 'Ugarsallu وێران و تالآن بکات، هەموو ناوچەکانی ئوگارسەللو و 'ئارمان=خالمان یاخود حەلوان' و کەوتنە ژێر دەسەلآتی ئاشورییەکانەوە (Brinkman, 1970: 307). هەموو ئەم جەنگانەش لە سەر خاوەندارێتی کردنی ناوچەی حەمرین بوو (عبدالصمد، 2008: 80)، لە پاشاندا هەردوو لا ڕێککەوتن بۆ مەبەستی دیاریکردنی سنوری نێوانیان لە فەتحە بۆ داقوقی ئەمرۆ پێشتر بە لوبدو دەناسرا (المزوري، 2002: 47). لە سەردەمی شەلمانیسەری یەکەمدا لە 1274-1245 پ.ز. ئاشورییەکان توانییان هێرش بکەنە سەر گوتی و لوللوییەکان

کوشتارێکی زۆریان لە گوتی یەکان کردووە و ناوچەی زاموای داگیرکردووە هەموو ئەو ناوچانەی لە سەر ڕێگاکەی بوو خستیانە ژێر هەژموونی خۆیانەوە تاوەکو گەیشتن بە ناوچەی کەرکوک. ناوچەکانی کوردستانی باشوری ئەمرۆ تاوەکو پارێزگای دیالە و خالمانیان کۆنترۆڵ کرد (عبدالصمد، 2008: 83).

لە عیلام لە سالآنی نێوان 1275-1240 پ.ز. پاشایەکی بەهێز بە ناوی 'ئونتاش-ناپیریشا Untaš -Napiriš a 'دەسەلآتی وەرگرت، لەم سەردەمەدا عیلام بە بەهێزی دەرکەوتەوە، هێرشی سەربازی کردە سەر ناوچەی دێر و تالآن و وێرانی کرد و داگیری کرد، ئەم داگیرکارییەی عیلام بەردەوام بووە تاوەکو گەیشتوەتە ناوچەی ئێشنوننا و دەوروبەری (المزوري، 2002، 63).

بەڵگەکانی سەردەمی 'توکولتی-نینورتا Tukulti-Ninurta'ی یەکەم 1243-1207 پ.ز. ئاماژە بەوە دەکەن خەڵکانی کاشی لە ناوچەکانی ئاشوریدا نیشتەجی ببون، بەشێکی زۆری کاشی یەکان لە ناوچەکانی نامریدا بوون (Brinkman, 1980: 465). لە ڕووی سیاسیەوە وڵاتی کاردونیاش لە دوای هاتنە سەرکاری کاشتیلیاشی چوارەم 1242-1235 پ.ز. وڵات ڕوبەڕوی قەیرانێکی سەختی ئابوری و سیاسی ببووەوە، بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە هێرشی کردە سەر عیلام و ئاشور (Stephan, 2003: 91). کاتێک توکولتی-نینورتا سەرقاڵی فراوانخوازییەکانی بوو لە ناوچەکانی باکور، پاشای کاردونیاش هێرشی کردە سەر سنورەکانی دەوڵەتی ئاشوری لە باشور و ناوچەکانی نێوان ڕوباری دیالە و عوزێم و زێی بچوک (عبدالصمد، 2008، 85)، بەڵام هێرشەکەی پێچەوانە شکایەوە، توکولتی-نینورتا توانی کاردونیاش بشکێنێت و کاشتیلیاش لە دەسەڵات لابدات و کەسێکی دیکە لە جێگەکەی دابنێت (Stephan, 2003: 91). توکوڵتی-نینورتای ئاشوری هێرشی کردوەتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی کاشی یەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی ڕۆژهەلآتی دیجلە و (تەل ئەملاحییە) لە ناوچەی باشوری زامبان و هەموو ناوچەکانی سەر ڕوباری دیالەی داگیر کرد (Jakob, 2017: 125). هۆکاری ئەم جەنگەش

[6] ئوگار-سەللو بە واتای دەشتی سەللو دێت، شار یان ناوچەیەکە دەکەوێتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی روباری دیجلەوە. پێدەچێت لە نێوان زێی خوار بۆ ڕوباری عوزێم بێت لەو ناوچەیەی کە دەگەن بە بەرزاییەکانی حەمرین، لە هەواڵنامەی هاوچەرخیدا لە پاڵ ناوی ئارمان ناوی هاتووە، هەروەها لە هەندێ لە تێکستەکاندا لەگەڵ لاخیرو ناوی دێت، وەك لە سەردەمی ئەدەد_نراری دووەم دەڵێت "لە لاخیرو بۆ ئوگار سەللو" لاخیرو لەسەر ڕوباری دیالە بووە، پێدەچێت لە یەکەوە نزیك بوون. بڕوانە: Grayson, A. K., *Assyrian and Babylonian Chronicles*, p. 264-265.

پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی توکولتی-نینورتا سەرقاڵی جەنگ بوو لەگەڵ نائیرییەکان, کاشتیلیاشی پاشای کاشی یەکان ئەم دەرفەتەی بەهەڵزانیوە و ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان ئەم دوو وڵاتەی پێشێل کردووە و ویستویەتی هەندێ لە ناوچەکانی ئاشور بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (احمد، 1993: 129).

توکولتی-نینورتا لە تێکستێکدا باس لە هەموو ئەو ناوچە و شارانە دەکات داگیری کردوون، جگە لە ناوی ئەرراپخا کارێکی دژوارە بتوانرێت پێگەی جوگرافیای ئەو شارانەی دیکە بە وردی دیاری بکرێت، بەڵام پێدەچێت بەشێکی ئەو ناوچانە لە نێوان بەرزاییەکانی حەمرین بۆ زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا بوو بێت (Jakob, 2017: 125). توکولتی-نینورتا بۆ ماوەی 7 ساڵ لە بابلدا مایەوە و فەرمانڕەوایەکی بۆ دانابوو، هەموو ئەو ناوچانەشی داگیری کردبوو تاڵانی کردن، بەپێی هەندێک تێکست باج و سەرانەی بەسەر زاباندا سەپاندووە (Cassana, and Glatz, 2016: 141). لە دوای کوشتنی توکولتی-نینورتا لە لایەن کوڕەکەیەوە کە ناوی 'ئاشورناصرپال 'Ashurnasirpal دەوڵەتی ئاشوری بەرەو لاوازی ڕۆیشت لەو ماوەیەدا نۆ پاشا بەدوایدا دەسەڵاتیان گرتوەتە دەست، هەندێجار سنوریان فراوانکردووە بۆ ناوچەی گەرمیان و خۆیان بە (فەرمانڕەوا نەک پاشا) لە زابان و ئوگارسەللو ناو بردووە (Olmstead, 1920: 145). لە هەمانکاتدا پاشای عیلام 'کیدین-خوتوران 'Kidin-Ḫuturan هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی دۆڵی دوو ڕوبار و پەرستگای ئێشتاری لە شاری دێر تاڵانکرد، لەم کارانەیدا مەبەستی بوو دەسەڵاتی ئاشوری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە کەم بکاتەوە سنورێک بۆ دەسەڵاتی ئاشوری لە ناوچەی دیالە دابنێت و لە هەمانکاتدا پادانی تاڵان و وێرانکرد (Wiseman, 2008: 444).

کاتێک لە عیلام 'شوتروک-ناخونتە 'Šutruk-Naḫunte ی یەکەم لە ساڵانی نێوان 1155-1185 پ.ز. دەسەڵاتی گرتە دەست عیلام لەوپەڕی هێز و دەسەڵاتیدا بوو، بابلیش لەوپەڕی لاوازیدا بوو. لەوکاتەدا پاشای عیلام لە ساڵی 1160 پ.ز. لە ناوچەی بەرزاییەکانی حەمرینەوە لە نزیک خانەقینی ئەمڕۆوە هێرشی کردە سەر وڵاتی کاردونیاش (المزوری، 2002: 64). بەڵام ئەم هێرشە سەرکەوتوو نەبوو، دواتر بەیارمەتی کوڕەکەی کە ناوی 'کوتیر-ناخونتە 'Kutir-Naḫunte بوو جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر ناوچەکانی بابل (السلماني، 2003: 68). کوتیر-ناخونتە هێزەکانی کۆکردەوە و لە ساڵانی 1150-1155 پ.ز. لە سوسەوە بە هێزێکی سەربازی زۆرەوە بەرەوە 'دێر'بەدرەی ئەمڕۆ بەڕێکەوت، پاشان تاوەکو بابل پێشڕەوی کرد، کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی بابل هێنا (المزوري، 2002: 64). بەم شێوەیە کاشی یەکان لە سەردەمی 'ئینلیل-نادین--ئاخی 'Enlil-Nadin-Aḫi لەسەر دەستی عیلامیەکان کۆتاییان هات و وڵاتی کاردونیاش تاڵانکرا و وێرانکرا و تاڵانییەکان بۆ سوسەی پایتەخت گواسترانەوە (Marlis, 2012: 718).

لە قۆناغی پاشتردا لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسیان لە بابل, کاشی یەکان لە ناوچەکە هەرمانەوە، بەڵکو ناوچەکانی نامری و خامبان وەک ناوچەی نیشتەجێی هەمیشەی کاشی یەکان مایەوە، لە بابلیش بەشێک لە کاشی یەکان هەرمابوون، لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوان کۆنترۆڵی ڕێگا بازرگانیەکانی زاگرۆسیان کردبوو، بە تایبەت ڕێگای بەغداد بۆ کرماشانی ئەمڕۆ، واتا ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆ و ڕۆژهەڵاتی عێراقی ئەمڕۆ (Stein, 1997: 272). هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتی 'ئاشور_دان 'Aš šur-Danی یەکەم 1134-1179 پ.ز. دەکەوێتە جەنگەوە لەگەڵ پاشای کاشی یەکان ناوی 'زەبابا- شوما-ئیددینا 'Zababa-Šuma-Idina لە ڕێگای گەرمیانەوە هێرش دەکاتە سەر شاری زابان و تاڵانی دەکات و پاشان دەچێتە ئیرڕیا 'Irriya لەوێشەوە بۆ ئوگارسەللو (ئەحمەد، 2017: 11).

لە سەردەمی 'شیلخاک- ئینشوشیناک -Šilḫak 'Inš uš inak لە ساڵانی نێوان 1120-1150 پ.ز. لە بابلەوە هێرشەکانی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە دەست پێکرد، بەتایبەت ناوچەکانی حەمرین و ئەرڕاپخای بە زەبری هێز داگیرکرد و تاڵانی کردن (السلماني، 2003:

69). هەروەها توانیویەتی ناوچەکانی دەوروبەری رووباری دیالە و ئاورێژگەکانی بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە (دیاکونوف، 2008: 186).

لە پاش مردنی شیلخاک ئەنشوشیناک ولاتی عیلام توشی جۆرێک لە لاوازی و لەبەریەک هەلوەشانەوە هات، لەوکاتەدا 'نەبوخودنەسەر Nebuḫ adnezzr'ی یەکەم 1103-1124 پ.ز. دەرفەتەکەی بەهەلزانی و لە ساڵی 1115 پ.ز. هێرشی کردە سەر ناوچەی دێر و توانی تاوەکو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی عیلام برواێت، بەلام پاشەکەی کرد، لە پاشتردا و لە ساڵی 1110 پ.ز. توانی بە تەواوی دێر کۆنترۆڵ بکات. ئەم سەرکەوتنەی لە سەر کودورویەک نەخش کردووە دەڵێت "دێر شاری خواوەند ئانوم داگیر کرد و رێگاکانیم بەست لە مانگی تەموزدا" (السلماني، 2003: 69). هەروەها توانیویەتی لوللوبی و کاشی یەکان بشکێنێت و دەسەلاتی بە سەر ئەو ناوچانە دا بگرێت تاوەکو خاشیمور (دیاکونوف، 2008: 187). لە سەردەمی 'تیگلات-پیلێسەر Tiglath-pileser'ی یەکەمی ئاشوریدا لە ساڵی 1115-1077 پ.ز. کۆچی ئارامییەکان دەستی پێکرد، بۆ ناوچەکانی رۆژهەلاتی روباری دیجلە بە تایبەت بۆ ناوچەی ئەرراپخا کۆمەڵک ئارامی تێدا نیشتەجێ بوون (Nielsen, 2012: 414). هەروەها هێرشی بۆ ناوچەکانی گەرمیان دەست پێکردووە و توانیویەتی ناوچەکانی ئارمان کە لەژێر دەسەلاتی ئوگارسەللودا بووە لەگەڵ شاری لوبدو داگیر بکات و لە روباری 'رەدانو= عوزیم' پەڕیووەتەوە ناوچە شاخاویەکانی 'کامولا Kamulla و کاشتیلا Kaš tilla'ی داگیرکردووە و تالانی کردووە و تالانیەکانی بۆ ئاشور گواستووەتەوە (Grayson, 1987: 43). بەلام باسی شار و ناوچەکانی خوارتر نەکراوە و نەزانراوە ئایا گەیشتووە بە ناوچەکانی خانەقین یاخود نا؟ پێدەچێت هۆکاری ئەمەش بۆ بەهێزی بابلییەکان بگەڕێتەوە کە ئاشورییەکان نەیانتوانیبێت بگەنە ناوچەکانی باشورتر لە ئوگار سەللو و لوبدی (داقوق) (ئەحمەد، 2017: 11).

دۆزینەوەی قەلایەکی سەربازی، کە بە قەلای سپێ ناسراوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کاشییەکان لەرۆژهەلاتی کەرکوک. ئاماژەیە بۆ پێگەی گرنگی ناوچەکە، ئەم شوێنەوارە، لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی فەرمانگەی شوێنەواری سلێمانی و ئەڵمانیەوە کنە وپشکنینی تێدا ئەنجام دراوە. ئەم ناوچەیە پێگەیەکی گرنگ بوو لە رۆژهەلاتی کەرکوک یەکێک لە بەڵگە شوێنەوارییە گرنگەکانی تێدا دەرکەوتووە، ئەوەی گرنگی ئەم پێگەیە پشتڕاست دەکاتەوە تێکستێکە کە بۆ کوریکالزی پاشای کاشی یەکان دەگەڕێتەوە (Van Ess, 2015: 14). لەم بەڵگەیەدا دەردەکەوێت کە پاشای کاشی کۆمەڵێک دیاری بۆ پەرستگای شارەکە ناردووە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە پاشایانی کاشی لە بابل پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ناوچەی رەسەنیاندا هەبووە، لەناوچەکانی کەرکوکیش کۆمەڵێک پاشماوەی گڵێنەسازی سەردەمی کاشی یەکان دەرکەوتووە (زاموا، 2020: 240). لەرووی کارگێرییەوە ولاتی کاردونیاش دور-کوریکالزوی پایتەختی بوو، گەورەترین شار بوو، کاشییەکان بەتایبەتی بۆ پایتەختی خۆیان بنیاتیان ناوە. لەپاڵ ئەوشدا هەشت (شار) یان ناوچەی تری گرنگ هەبوون، کە سیانیان نیشاندەری پێگەی گرنگی کاشیەکانیان بوون و لە ناوچەکانی دەوروبەری دیالە و حەمرین دا (Vermaik, 2007: 519).

**دووەم/ نامار/ نامری ناوچەی نیشتەجێبوونی کاشی یەکان لە گەرمیان**

نامار/ نامری لە سەرچاوە و تێکستە کانی مێسۆپۆتامیادا بە شێوەی جیاجیا هاتووە، لە سەردەمی ئەکەدیدا بە شێوەی Na-mar-ri و لەسەردەمی بابلی کۆن بە شێوەی Na-ma-ar هاتووە، لەسەردەمی بابلی ناوەڕاست و تێکستەکانی نوزیدا بە شێوەی Na-mar و لە سەردەمی ئاشوری نوێدا بە شێوەی Na-mar و Me-e-mar-ru-ut هاتووە (Frayne, 1992: 64). وەک (نامار و نامری و Na-mu-mur , Namitu, Namumur, Namri). ئەم ناوانەش بە زۆری لە تێکستە ئاشوریەکاندا هاتووە (Levine, 1973: 27). نامری لە تێکستەکانی سەردەمی ئەکەدیدا هاتووە وەک هێزێک پێشەنگی ئەو راپەڕینەی کردووە لە دژی نەرام-سین (Hallo, 1978: 73).

هەروەها ئەم ناوە لەتێکستەکانی سەردەمی بابلی کۆندا لە ساڵانی نێوان 1900-1595 پ.ز. تاوەکو سەردەمی ئاشوری نوێ بەردەوام بووە. لە سەردەمی دەسەڵاتی کاشی یەکاندا لە بابل لە ماوەی نێوان 1595-1157 پ.ز. ناوی لە پاڵ ناوی خامباندا هاتووە، وەک بەشێک لە وڵاتی کاشی (کاردونیاش) هەژمارکراوە (Levine, 1973: 27).

لەسەردەمی کاشی یەکاندا پەیوەندییەکی بەهێز هەبووە لە نێوان نامری و بابل (Brinkman, 1972: 227). لە پاشاندا وەک ولایەتێکی کاشی نشین لە سەردەمی ئاشوری نوێدا ماوەتەوە. لەم قۆناغەشدا نامری بەتەواوی لە بابل دابڕاوە و بووەتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری (Brinkman, 1968: 257).

سەرچاوەکانی سەردەمی بابلی کۆن و سەردەمی کاشی یەکان زانیاری زۆریان تێدا نیە لە بارەی نامری یەوە. کاشی یەکان لە نامریدا سەرقاڵی بەخێوکردنی بزن و پەروەردەکردنی ئەسپ و بازرگانی و کشتوکاڵکردن بوون (عباس ، 2018: 145)، بەڵام ئەم ناوچەیە بەر قوڵنگی کنە و پشکنین نەکەوتووە، لە هەمانکاتدا بۆچوونی جیاواز لەبارەی شوێن و پێگەیەوە هەیە. هەندێک پێیان وایە نامری لە نزیک خانەقین لە سەر ڕێگای خوراسان بوویێت، یاخود کەمێک دورتر بۆ نێو سنوری ئێرانی ئەمڕۆ لە خۆرئاوای کرماشانەوە (Kessler, 1998: 92). بەڵام ئەم بۆچوونە لە لایەن ڕیدەوە پەسەند نیە و ئەو بۆچونی جیاوازی هەیە لەم بارەیەوە، ڕید باوەڕی وایە پێناچێت نامری هێندە دور بکەوێتەوە، ئەو زیاتر بۆچونەکەی لیڤاینی بەلاوە پەسەند ترە (Reade, 1978: 137)، لیڤاینی لەوباوەڕەدایە کە نامری لەسەر ڕوباری دیالە بوویێت، لەسەر ڕێگای زاموا، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی دەقێکی سەردەمی شەلمانیسەر باس لە هێرشێکی سەربازی دەکات و دەڵێت "لە لەشکرکێشییەکدا لە ڕوباری زێی خواروو پەڕیمەوە، دواتر بە تێپەڕبوون بە شاخ یان دەربەندا بە ناوی خاشیمور چوومە وڵاتی نامری یەوە، پاشان بەرەو ناوچەکانی خارخار شۆڕ بوومەوە" (Levine, 1973: 22). هەروەکو شەلمانەسەری سێیەم لە نامریەوە هێرشی بۆ توگلیاش بردووە، لە کاتێکدا توگلیاش لە ناوچەی بەرزاییەکانی حەمریندا بووە، لەبەرئەوە دەبێت نامری کەوتبێتە ناوچەکانی سەرەوەی دیالە (سیروان)، لەوکاتەشدا نامری شانشینێکی سەربەخۆ بووە هێشتا نەکەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئاشورەوە، بەڵام ئەڕڕاپخا بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری (Levine, 1973: 313). لە بارەی شوێن و پێگەی خاشیمورەوە هەندێک لە لێکۆڵەرەوان باوەڕیان وایە پێدەچێت خاشیمور لە تەنگەی دەربەندیخان لەسەر ڕوباری سیروان لەمپەڕی باشوری دەشتی شارەزوردا بێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر بنیاد نراوە (Ahmed, 2012: 234).

لەوکاتەشدا بەشێکی زۆری کاشی یەکان لە ناوچەکانی توپلیاشدا نیشتەجێ بوون، پێدەچێت ناوی توپلیاش ناوێکی کاشی بێت (عباس، 2018، 144). هەروەها پێدەچێت نامری هاوسنوری ئەڕڕاپخادا بوویێت، بەڵام هیچ کات نامری بەشێک نەبووە لە ئەڕڕاپخا و بە پێچەوانەشەوە، ڕەنگە لە باکوریشەوە لەگەڵ زنجیرەی چیاکانی قەرەداغ و وڵاتی زاموا هاوسنور بوویێت (Brown, 1979: 5). نامری هەرێمێکی گرنگ بووە، کەوتوەتە ناوچەکانی باکوری گەرمیانەوە، لە سێگۆشەی نێوان ئەڕڕاپخا و زاموا و میدیا دا بووە، یاخود دەتوانین ورد تر بڵێین دەکەوتە ناوچەکانی باکوری کەلار بۆ بناری بەمۆ لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات درێژ دەبووەوە (زاموا، 2018: 153). پۆستگەیت لەوباوەڕەدایە ئەگەر ناوچەیەک بۆ نامری دیاری بکرێت، دەبێت ئەو ناوچەیە لە نێوان خانەقین بۆ بەرزاییەکانی دەربەندیخاندا بێت، ئەمەش ناوچەیەکی گونجاوە بۆ پێگەی نامری، بە پێی بەڵگەکان ئەم شانشینە هەندێجار فراوان بووە و توانیویەتی خالمان بخاتە سەرسنوری دەسەڵاتەکەی (Postgate, 1981: 154).

جێگەی سەرنجە زۆربەی بۆچونەکان لەگەڵ ئەوەدان نامری لە سنوری گەرمیاندایە, بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم شانشینە نەدۆزراوەتەوە.

**سێیەم/ گەرمیان لە سایەی دەسەڵاتی میتانی یەکاندا**

لە کۆتاییەکانی سەدەی 16 پ.ز. ناوی میتانی یەکان [7] لە سەرچاوە میسرییەکاندا دەرکەوت، بە تایبەت لە چوارچێوەی لەشکر کێشیەکی تحوتمسی یەکەم لە ساڵانی نێوان 1528-1510 پ.ز. بۆ سەر ناوچەکانی فەلەستین و سوریا بووە، ناوی میتانی دەردەکەوێت بە شێوەی 'Mati-te-ni' هاتووە (جەلال، 2008: 101). ناوی میتانی لە سەرچاوە و تێکستەکاندا بە گشتی بە شێوەی جیاجیا هاتووە، لە تێکستەکانی هەردوو پاشا 'شوتتارنا Šuttarna'ی یەکەم و 'ساوشتاتتار Sauš tattar' پاشای میتانییدا بە خەتی مێخی بە شێوەی 'Ma-i-ta-ni' هاتووە، لای میسرییەکان بە شێوەی 'نەهارینا Naharina' و هاتووە (عەوڵا، 2017، 20). لە تێکستەکانی نوزی و ئەڕڕاپخادا بە شێوەی 'هانیگلبات Haniglbat' هاتووە (Harrak, 1997: 37). لە ئەرشیفی بۆغازکوی بە شێوەی 'Mi-it-ta-an-ni' و لە نامەکانی عەمارنە لە میسردا نامەیەکی 'توشراتتا Tuš ratta' دا بە شێوەی 'Ḫurri' هاتووە، پێدەچێت مەبەست لەم ناوە ئەوە بوبێت زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگەی میتانی لە خورری یەکان پێکهاتبن (عەوڵا، 2017، 20). خورری و میتانی یەکان توانیان دەسەڵاتێکی بەهێز لە سنورێکی جوگرافیای بەرفراواندا بنیاد بنێن، بە ئیمپراتۆریەتی میتانی دەناسرێتەوە، سنوری جوگرافی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەوپەڕی خۆرئاوا لە سوریا و ئەنادۆڵی ئەمرۆ بۆ رۆژهەڵات و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس درێژ بوەتەوە، ئەم بەرفراوانیی سنورە وایکردووە کۆمەڵێک پێگەی گرنگ و رێگای بازرگانی سەرەکی لە ژێر کۆنترۆڵیاندا بێت (السلماني، 2010: 69).

پاشایەتی میتانی ناوچەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا و سوریای دەگرتەوە لە ماوەی نێوان سەدەی 16 بۆ 14 پ.ز. یەکێک لە دەسەڵاتە سیاسیە بەهێزەکان بوە و توانیویەتی ئاشور کۆنترۆڵ بکات. لەگەڵ میسر و حیثییەکانیشدا لە پەیوەندی جەنگ و ئاشتیدا بوون، ئەگەرچی کۆمەڵگای میتانی لە خورری یەکان پێکهاتبوو، بەڵام چینە دەسەڵاتدارەکەی بە زۆری ناوی هیندۆ ئەوروپین (Leick, 1999: 192). پێدەچێت نیشتەجێبوونی میتانی یەکان لە ناوچەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا و نوزی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی کاشی یەکان لە بابل، هەروەها نوزی وەک یەکێک لە بنکە سەرەکیەکانیان بووە لە ناوچەکانی رۆژهەڵات، کە 20 کم دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای کەرکوکی ئەمرۆ (بەشێکە لە سنوری گەرمیان) (لوید، 1993: 292).

ئیمپراتۆریەتی میتانی لە سێ هەرێم پێکهاتبوو، هەریەکەیان ناوەندێکی تایبەت بەخۆی هەبووە. هەرێمی رۆژهەڵات ناوەندەکەی نوزی کەرکوکی ئەمرۆ بوو. هەروەها هەرێمی ناوەڕاست ناوەندەکەی واشۆکانی بووە. هەرێمی رۆژئاوا ناوەندەکەی ئالالاخ بووە (عبدالصمد، 2008: 76). نوزی یەکێک بووە لە بەهێزترین ناوەندە خورری نشینەکان سەر بە شانشینی ئەڕڕاپخا بووە، زمانی خورری زمانی فەرمیی وڵات بووە و زمانی ئەکەدیشیان بەکارهێناوە لە نوسیندا، لە هەمانکاتدا شانشینی ئەڕڕاپخا بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی میتانی (Gelb, 1944: 67). هەروەها نوزی زۆر گەورە نەبوو. کۆشکی خۆی هەبووە، پاشاکانی تێدا نیشتەجێ دەبوون، هەرچەندە سەربە دەسەڵاتی میتانی بوو، بەڵام زۆر بە کەمی سەردانی میتانی یەکانیان کردووە، لەبەرئەوە زۆر بەکەمی ناویان لە تێکستە میتانی یەکاندا دێت (Liverani, 2014: 295). لە سەردەمی دەسەڵاتی میتانی یەکاندا فەرمانڕەوایانی شارەکان خۆیان کاروباری وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی میتانیەکاندا بوون، ئەم سیستەمە لە ئەڕڕاپخادا جێبەجێکراوە کە دەکەوتە ئەوپەڕی سنوری رۆژهەڵاتی دەوڵەتی میتانی یەوە (Otto, 2014: 35).

[7] لە ئەنیسکلۆپیدیای ئۆکسفۆرد دا هاتووە یەکەم جار لە ساڵی 1494– 1482 پ.ز. ناوی میتانی یەکان بەکارهاتووە، دواجاریش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان 1114–1076 پ.ز. سەردەمی تێگلات بلیسەری یەکەمە، ناوەکەش بە گشتی مەبەست لێی سەرزەمینی خوررییەکانە (ئەمە مەبەست لێی ئەو قەوارەیەیە کە ڕەمەی دانیشتوانەکەی خورری بوون و فەرمانڕەواکانی میتانی هیندۆ ئەوروپی بوون) بووە. ڕوانە: Harrak, Amir., "Mitanni", in; *The oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near East*, ed. Eric, M. Meyars, Vol. 4, New York, 1997, p. 37.

بەڵگە شوێنەواری و مێژووییەکان دەریدەخەن سەرەتای بە هێزی و فراوانبوونی سنورەکانی دەوڵەتی میتانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سەرەکی فراوانخوازییەکانی هەردوو پاشا 'پاراتتارنا Parattarna'ی یەکەم لە 1470-1500 پ.ز. و 'ساوشتاتتار Sauš tattar' لە 1410-1440 پ.ز. (عەوڵا، 2017، 36). لە ساڵی 1470 پ.ز. لە سەردەمی پاراتتارنادا دەوڵەتی میتانی لەوپەڕی گەشەسەندن و هێزی خۆیدا بووە، توانیویەتی هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە و نوزی بخاتە ژێر هەژموونی میتانی یەوە، خۆی بە فەرمانڕەوای هەموو ناوچە خورری نشینەکان دانا (Harrak, 1997: 37).

ئەو بەڵگەنامانەی لە کۆشکی نوزی دۆزراوەتەوە، ئاماژە بە مردنی پاشایەک دەکات بە ناوی 'پاراتتارنا Parattarna '، بەڵام تێکستەکان ئاماژە بەوە ناکەن ئەو پاشا میتانی بێت، بەڵام لە ڕاستیدا میتانی بووە لەبەرئەوەی پاشاکانی ئەڕڕاپخا و نوزی ناوی خورریان هەبووە نەک هیندۆئەوروپایی (ڤیلهێلم، 2008: 70). لە دوای 'پاراتتارنا Parattarna' ماوەیەک پڕبوو لە ئاژاوە و شەڕوشۆڕ، سنوری دەوڵەتی میتانی کەوتبووە بەر هێرشی دراوسێکانی، سەبارەت بە ناوخۆی دەوڵەتی میتانی لە مۆرێک لە نوزیدا دۆزراوەتەوە ناوی پاشایەکی تێدایە بە ناوی شەوشتەتاری کوڕی پارساتەتار 'Parsatatar' تۆمارکراوە، پێدەچێت پارساتەتار پادشا بووبێت لە دوای پاراتتارنا و لە پێش شەوشتەتار (جەلال، 2008: 110). لە تێکستەکانی نوزیدا ناوی دوو پاشا میتانی هاتووە، ئەوانیش پاراتتارنا و شەوشتەتاری کوڕی پارساتاتارە، دەسەڵاتی تەواویان بەسەر نوزیدا هەبووە، هەرچەندە ئەڕڕاپخا شوێنکەوتەی میتانی بووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ ئاشور و بابل و دانیشتوانی زاگرۆسیشدا هەبووە (Maidman, 2000: 934).

پاشایەکی دیکەی میتانی یەکان ناوی شەوشتەتار 'Šauš tatar'ە لە دەوروبەری ساڵی 1430 پ.ز. لە دوای هێرشی میسر بۆ سەر میتانی یەکان دەرکەوت، دەوڵەتی میتانی بەرەو لاوازی دەچوو، شەوشتەتار دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی وڵات و فراوانخوازیکردن، لە باشوری خۆرهەڵاتەوە سنوریان گەیشتە ناوچەی لوللویی، لە باشورەوە توانی دووبارە شانشینی ئەڕڕاپخا بخاتەوەی سەر دەوڵەتی میتانی و بەوەش سنوری گەیشتە ناوچەکانی حەمرین و دیالە (جەلال، 2008: 111). لە سەردەمی شەوشتەتاردا دەسەڵاتی میتانی یەکان هێندە بەهێز بوو توانیویەتی وڵاتی ئاشور داگیربکات، لە هەمانکاتدا سنوری دەوڵەتەکەی زۆر فراوان بووە و لە دەریای ناوەڕاست بۆ ئوگاریت و ئالالاخ تاوەکو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و شانشینی ئەڕڕاپخای دەگرتەوە (Novak, 2013: 378). چەند بەڵگەیەک دەیسەلمێنن ئەڕڕاپخا بەشێکی گرنگی ئیمپراتۆریەتی میتانی بووە، لەو بەڵگەنامانە نامەکەی شەوشتەتارە لە دەوروبەری 1420 پ.ز. بۆ 'ئیتخی- تێشوپ Itḫ i-Teš š up' پاشای ئەو سەردەمەی ناردووە، لە نامەکەدا شەوشتەتار داوا لە ئیتخی-تیشوپ دەکات کە زەوی زار لە ناوچەیەکی ئەڕڕاپخا بدات بە کەسێک بەناوی 'ئوکی Uki' هەروەها پاشای میتانی چەند نوێنەرێکی لە ئەڕڕاپخادا داناوە بە 'سوکاللو Sukalu' و 'خالزوخلو Ḫalzuḫ lu' ناسرابوون، یەکێک لە ناسراوترین ئەو نوێنەرانە ناوی 'تێخیپ-تیللا Teḫ ip-tilla' یە و لە ڕێگەی ئەووەوە کاروباری زەوی دابەشکردن بەڕێوە دەچوو (جەلال، 2008: 112).

نوزی وەک یەکێک لە گەورەترین ئەرشیفەکانی سەردەمی دەوڵەتی میتانی بووە، فەرمانڕەوایانی ئەڕڕاپخا لە ساڵانی نێوان 1350_1500 پ.ز. ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەتی میتانی بووە، هەروەها لە نوزیدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دۆزراونەتەوە هەموویان بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میتانی دەگەڕێنەوە (Kuhrt, 1995: 287). هەروەها نوزی وەک ناوەندێکی بازرگانی گرنگ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە هێنان و هەناردەکردنی خۆراک و بەرهەمی چنراو لە ناوچەکانی زاگرۆس و بابلەوە بۆ ناوچەکان ژێر دەسەڵاتی میتانییەکان (Maidman, 2000: 939).

دەوڵەتی میتانی لە سەردەمی 'شوتتارنا Šuttarna'ی دووەم کە لە ساڵی 1380_1360 پ.ز. لە دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرت بە بەهێزی مایەوە، ئەم پاشایە توانی لە

سەردەمی خۆیدا شکۆی سیاسی و سەربازی سنوری دەوڵەتی میتانی بپارێزێت، هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی لە گەشەیەکی بەردەوامدا بوون، بەتایبەتی ناوچەی ئەڕڕاپخا ببووە مەڵبەندێکی کارگێڕیی و ئابوری گەورە (جەلال، 2008: 114). لە دوای شوتەرنا دەوڵەتی میتانی کێشەی ناوخۆی بۆ دروست بوو لە سەر تەختی دەسەڵات، 'شاتتیوازا 'Šattiwazza هەڵهات بۆ لای 'شوپیلولیوما 'Šuppiluliuma'ی حیتیەکان، بەڵام ئەڕڕاپخا نەبووە بەشێک لە کێشەکان، وەک دەوڵەتێکی بێ لایەن سەیری کێشەکانی کردووە (دیاکونوف، 2002: 94). هەروەها شاتیوززا بۆ ماوەیەک لە ئەڕڕاپخادا ماوەتەوە، لەوماوەیەدا میتانی توشی کۆمەڵێک هێرشی دەرەکی بووەوە. بەتایبەت هێرشی ئاشورییەکان (جەلال، 2008: 123).

لەم نێوەندەدا لە ئاشور پاشایەکی بە هێز بە ناوی 'ئاشور-ئوبەللیت 'Aš š ur-Uballiṭ 1330-1365 پ.ز. دەردەکەوێت و توانیویەتی کێشەکان بە هەند وەربگرێت و هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی میتانی و خۆی لە پاشکۆیەتی میتانی یەکان ڕزگار بکات (عەوڵا، 2017: 41). دوای نەمانی پەیوەندی میسر و میتانی لە ساڵی 1340 پ.ز. کاشی یەکانیش توانیان هێرش بکەنە سەر ئەڕڕاپخا و لە سەرەتادا شەڕەکە لە لوبدو لەسەر سنوری نێوانیان دەستی پێکرد تاوەکو گەیشتە سەر زێی خواروو، لە هەمانکاتدا توشی هێرشی ئاشوری و حیتییەکان هاتبوون (ڤێلهێلم، 2007: 85). ئاشور-ئوبەللیت سەرکەوتوو بووە لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکانی دەشتی هەولێر، هەروەها هێرشی کردووەتە سەر نوزی, بنەماڵەی 'تێخیپ-تیللا 'Teḫ ip-Tilla'ی بە دیل گرتووە (عبدالصمد، 2008: 78). کاتێک کە ئاشور هێرشی بۆ سەر شانشینی ئەڕڕاپخا و شاری نوزی هێناوە پەیوەندی لە نێوان ئەڕڕاپخا و دەوڵەتی میتانییدا نەمابوو، هەموو هێزو توانای ئەڕڕاپخا لەم جەنگەی ئاشورییەکاندا تیاچوو ( Jankowska, 1991: 248). لەم هێرشەدا نوزی تاڵانکرا و وێرانکرا و داگیرکرا و لەوە بەدوا بووە بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئاشور (عبدالصمد، 2008: 78). لە تێکستێکی ئەدەد-نیراری یەکەمدا 1275-1307 پ.ز. پاشای ئاشور لوبدو بە سنوری باکوری وڵاتی کاشی (کاردونیاش) ناوبردووە، بەوشێوەیە دەوڵەتی میتانی دابەشکرا ئەو چاخەی زانایان بەچاخی نوزی ناویان دەبرد کۆتایی هات (جەلال، 2008، 124).

یەکێک لەو خواوەندانە لە ناوچەی ئەڕڕاپخادا پایەیەکی گرنگ و ڕێزداری هەبووە، خواوەند 'تیششوپ 'Teššup'ی با و باران بووە، ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیان و ناوی کەسی هەبووە، بۆ نموونە لە تێکستەکاندا دەردەکەوێت وەک بەشێک لە ناوی پاشاکاندا هاتووە، 'ئیتخی- تێشوپ Itḫi-Teššup' و 'موش- تێشوپ 'Muš-Teššup (عەوڵا، 2017: 60). هەروەها لە ڕووی ئاینیەوە لە سەدەی 14-15 پ.ز. خواوەند 'نێر(ی)گاڵ 'Ner(i)gal لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە بەگشتی و لە شاری 'ئازوخینوم Azuḫinum ' بەتایبەت پیرۆزی و پایەیەکی تایبەتی هەبووە (عەوڵا، 2017: 62). دەکرێت بوترێت ناوچەکانی (ئەررا پخا و نوزی) کەرکوک و دەوروبەری بەشێکی سنوری جوگرافیای گەرمیان دەنوێنێت، لەنێو دەسەڵاتی سیاسی ئابوری و کارگێری میتانی و هێزەکانی بابل (کاردونیاش) و ئاشوردا هەمیشە وەک ناوچەیەکی گرنگ ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، ئەمەش لە ڕێگای ئەرشیفی نوزییەوە وەک بەڵگە دۆزراوەتەوە پشتراست کراوەتەوە.

## کۆتایی و ئەنجام

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک لەوانە:

یەکەم/ یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر کاشیەکانی گەرمیانە، دەرکەوتنی کاشییەکان ناوچەکانی گەرمیان و بەتایبەت دەوروبەری ڕوباری دیالە/ سیروان بوە بە مەڵبەندی ناوچە کاشی نشینەکان و لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەم کاتێک کە کاشییەکان توانیان دەسەڵاتی سیاسی بابل وەربگەرن و بۆ ماوەی نزیکەی 450 ساڵ فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا بکەن، گەرمیان ناوچەیەکی کاشی نشین و گرنگیپێدراوی کاشییەکان بووە و هەموو کات هەوڵی پاراستنیان داوە لە هێرشی دەرەکی بەتایبەت هێرشەکان

ئاشور و عیلام، چەند جارێک ڕێککەوتنی دیاریکردنی سنور لە نێوان کاشییەکان و ئاشورییەکان هاتوەتە کایەوە، ناوچەکانی گەرمیان وەک سنورێکی جیاکەرەوەی نێوان بابل و ئاشور دیاریکراوە. تازەترین بەڵگە شوێنەوارییەکانی کەناری سیروان/کانی ماسی لە ناوچەی گەرمیان بەڵگەی بونی کاشیەکانی پشت ڕاست کردوەتەوە.

دووەم/ یەکێکی دیکە لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوییە بە پێی بەڵگەکان نامری هەرێمێکی گرنگی ئەکات بووە، وەک شانشینێکی کاشی نشین، هەرچەندە تا ئێستا پێگە جوگرافیایەکەی بە تەواوی نەدۆزراوەتەوە، لە هەمانکاتدا زۆرێک لە بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان کە ئەم شانشینە کەوتوەتە ناوچەکانی باکوری گەرمیانەوە، وەک سێبەری کاشی نشین ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، لە ڕەوتی ڕوداوەکان و زۆر جار ڕوبەڕوی هێرشی ئاشوری وەستاوەتەوە.

سێیەم/ میتانیەکانیش یەکێکێ دیکە بوون لەوگەلانەی کە ڕەمەی دانیشتوانەکە خوری بوون و چینە دەسەڵاتدارەکەشی هیندۆ ئەوروپی بوون، لە سەردەمی دەسەڵاتی سیاسیاندا ئەرراپخا وەک هەرێمێکی سنوری دەسەڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتدا گرنگی پێدراو بووە کە ناوەندی ئەم هەرێمەش شاری نوزی بووە، میتانیەکان توانیویانە فەرمانڕەوایەتی بەشێک لە ناوچەکانی گەرمیان بکەن، بەتایبەت سنوری دەسەڵاتیان ناوچەکانی باشوری کەرکوکی ئەمڕۆ هاتووە. هەموو ئەمانەش لە ڕێگای ئەرشیفی نوزییەوە وەک بەڵگە دۆزراوەتەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

## ليستی سەرچاوەكان

### یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


1. Adamse, Mac., *Land Behind Baghdad*, Chicago, 1965.
2. Ahmed, Kozad., *The Beginnings of Ancient Kurdistan (2500-1500) B.C, A Historical and Cultural Synthesis*, Ph.D. dissertation , Leiden University, 2012.
3. Boivin, Odette., *The First Dynasty of the Sealand in History and Tradition*, Ph.D. Toronto, 2016.
4. Borger, R., "Vier Grenzsteinurkunden Merodachbaladans I Von Babylonien der Teheran-Kudurru. S.B, 33", *AFO*, 23, (1970).
5. Brinkman, "Kassites", *RlA*, Vol.5, (1976-1980), Berlin.
6. Brinkman, *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C*, Rome, 1968,
7. Brinkman, J. A., "Foreign Relations of Babylonia From 1600-to-625 B.C. The Documentary Evidence", *AJA*, Vol. 76, N 3, (1972).
8. Brinkman, J. A., Notes on Mesopotamian History in the Thirteenth Century, in: *Bibliotheca Orintalis,* ed. A. A. Kampman, R. Frankena, Leiden, 1970.
9. Brown, S. C., *Kinship to Kingship Archaeological and Historical Studies in the Neo-Assyrian Zagros*, Ph.D. University of Toronto, 1979.
10. Bryce, T., *The Ruotledge Handbook of the Peoples and Places of Ancient Western Asia*, New York, 2009.
11. Cassana, J., and Glatz, C., "Babylonian Encounters in The Upper Diyala River Valley; Contextualizing the Results of Regional Survey and the 2016-2017 Excavations at Khani Masi", *AJA*, Vol. 123, N 3, (2019).
12. Cassana, J., and Glatz, C., "Of Highland –low land Borderlands: Local Societies and Foreign Power in the Zagros – Mesopotamia Interface", *Journal of Anthropological Archaeology*, Vol. 44, (2016).
13. David A. Warburton., Egypt and Babylonia, in: *The Babylonian World*, ed. Gwendolyn Leick, London, 2007.
14. Frayne, D., *The Early Dynastic list of Geographical Names*, New Haven, 1992.
15. Fuchs, Andreas., "Tupliaš", *RlA,* Vol. 4, Berlin, (2014-2016).
16. Gadd, C. J., Beginnings of the Kassite Dynasty in: *CAH,* ed. Edwards, E. S., and Gadd, C. J., and Hammond, G. L.) Vol. 2, part. 1, Cambridge, 2008.
17. Gelb, I. J., *Hurrians and Subarians*, Chicago, 1944.

35. Malko, H. O., The Kassites of Babylonia; A Re-Exmination of Ethnic Identity, in: *Studies in Near Eastern Records,* ed. Gonzalo Rubio, Vol. 24, Berlin, (2020).
36. Marlis, Heinz., Ur III , Old Babylonian, Kassite Period, in: *A Companion to the Archaeology of Ancient Near East*, ed. D. T. Potts, Vol .I, Blackwell, 2012.
37. Miller, Jared., Political Interaction Between Kassite Babylonia and Assyria, Egypt and Hatti During the Amarna, in: *Karduniaš Babylonia under The Kassite*, ed. Alexa Bartelmus and Katja Sternizke, Berlin, 2011.
38. Nielsen, J. P., Nebuchadnezzar I in Eastern Front, in*: The Ancient Near East in the 12th – 10th Centuries B.C., ed*. Greshon Galil, Ayelet Gilboa, Aren m., Danel Kahan, Munster, 2012.
39. Novak, Mirako., Upper Mesopotamia in the Mittaniy Period, in: *Archaeology et Historie de La Syria)*, ed. Winfried Orthmann, Paolo Matthiae, Michel al-Maqdissi, Wiesbaden, 2013.
40. Olmstead, A. T., "Kashshites, Assyrians and Balance of Powre", *AJSl*, Vol. 36. N.2, (1920).
41. Otto, Adelheid, The Organization of Residential Space in the Mittani Kingdom as a Mirror of Different Models of Governance, in: *Constituent, Confederate, and Conquered Space*, ed. Eva Cancik, Nicole Brisch, Jesper Eidem, Berlin, 2014.
42. Parpola, S., "Neo-Assyrian Toponyms", *AOAT*, Neukirchen, 1970.
43. Paulus, Susanne, Foreigners under Foreign Rulers, The Case of Kassite Babylonia (2 half of 2 millennium B.C.), *in the Foreigner and law*, ed. Reinhard, A., Rainer Albertz and Jakob Wohrle, Wiesbanden, 2011.
44. Postgate, J. N., The Historical Geography of the Hamrin Basin, *Sumer*, Vol. XI, N 1-2, (1981),
45. Reade, J. E., ''Kassites and Assyrians in Iran'', *Iran*, Vol. 16, (1978).
46. Sassmannshausen, L., Kassite Nomads: Fact or Faction, in: *Nomades et Sedentaires dans le Proche-Orient Ancien*t, ed. Nicolle, C., Paris, 2004.
18. Goetze, Albrecht., The Kassite and Near eastern Chronology", *JCS*, Vol. 18, N4, (1964).
19. Grayson, A. K., *Assyrian and Babylonian Chronicles*, in: Texts From Cuneiform, New York, 1970.
20. Grayson, A. K., *The Royal Inscription of Mesopotamia. Assyrian Periods (RIMA), Vol. 1,* Assyrian Rulers of the third and Second Millennium BC (to 1115 BC*)*, Toronto, 1987.
21. Hallo, W. W., ''Simurrum and Hurrian Frontier''*, Revue Hittite et Asianique (RHA),* 36, (1978).
22. Hallo, W. W., and Simpson, W. K., *The Ancient Near East*, Second edition, New York, 1998.
23. Hamblin J. William., *Warfare in the Ancient Near East to 1600 B.C*, New York, 2006.
24. Harrak, Amir., "Mitanni", in: *The Oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near East*, ed. Eric, M. Meyars, Vol. 4, New York, 1997.
25. Jakob, Stefan., The Middle Assyrian Period (14th to 11th century B.C.), in: Companion to Assyria, ed. Eckart frahm, Blackwell, 2017.
26. Jankowska, N., Ashur, Mitanni, Arrapkha, in: *Early Antiquity,* ed. Diakonoff, I. M., Chicago, 1991.
27. Kessler, K., "Namar/Namri", *RlA*, Vol.9, Berlin, 1998.
28. Kuhrt, A., *The Ancient Near East 3000-330 B.C.,* Vol. 1, New York, 1995.
29. Leick, G.*, Who is Who in the Ancient Near East*, London, 1999.
30. Levine, Louis D., Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros I, *Iran*, Vol. 11, (1973).
31. Liverani, M., *The Ancient Near East*, London, 2014,
32. Mahammad, A. Q., *Arrapha (Karkuk) Von den Anfangen Bis 1340 V Chr. nach Keilschriftlichen Quellen,* Ph.D. Bayerischen Julius Maximilians Universitä t, 2013.
33. Maidman, M. P., "Kassite Among the Hurrian A Case Study From Nuzi", *SSM*, Vol 8, (1983).
34. Maidman, M. P., Nuzi; Portrait of an Ancient Mesopotamian Provincial Town, in: *Civilization of the Ancient Near East*, ed. Jack, M. Sasson, Vol. 2, New York, 2000.

47. Stein, Diana l., "*Kassite*" The Oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near East, Vol 3, New York, 1997.
48. Stephan, Bertman, *Handbook to Life in Ancient Mesopotamia*, New York, 2003.
49. Stillman, N., and Tallis, N., *Armies of Ancient Near East 3000-539 B.C.*, Sussex, 1984.
50. Van Ess, Margarete, others., 'Chemchemal' Archaeological Projects in the Kurdistan Region in Iraq, ed, Kopanias, Kostas, John MacGinnis and Jason Ur, The Directorate of Antiquities of Kurdistan, Harvard, 2015.
51. Van Koppen, F., Aspects of Society and Economy in the later old Babylonian Period, in: *The Babylonian world*, ed. Gwendolyn Leick, London, 2007.
52. Van Koppen, F., The Early Kassite Period, in: *Karduniaš Babylonia under The Kassite*, ed. Aexa Bartelmus and Katja Sternizke, Berlin, 2011.
53. Van Koppen, F., The Old to Middle Babylonian Transition History and Chronology of the Mesopotamian Dark Age, *IJEARD*, Vol. XX, (2010).
54. Vermaik, P.S., Babylonia and the Levant during the Kassite Period, in; *The Babylonian World*, ed. Gwendolyn Leick, London, 2007.
55. Wiseman, D. J., The End of the Kassite Domination, in; *CAH,* ed. Edwards, E. S., and Gadd, C. J., and Hammond, G. L.) Vol. II, part. 2, Cambridge, 2008.
56. Zadok, R., Linguistic Groups in Iran, in: *The Oxford Handbook of Ancient Iran*, ed. D. T. Potts, Oxford, 2013.
57. Zadok, R., Peoples from the Iranian Plateau in Babylonia during the Second Millennium B.C., *Iran*, Vol. 25, (1987).

**دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

1. احمد، كوزاد مجد، توكلتي– ننورتا منجزاته في ضوء الكتابات المسمارية، رسالة ماجستير غير منشوره، مقدمة الى كلية الاداب في جامعة بغداد، 1993.
2. الامين، محمود حسن، "الكاشيون"، *مجلة كلية الاداب*، عدد 6، (1963).
3. باقر، طه، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ج1، ط2، بغداد، (2012).
4. پالانى، ابراهيم قاسم درويش، ''ادارة كرميان دراسة في الجغرافيا الادارية''، *مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية*، عدد62، (2018).
5. زاموا، دلْشاد، الكاشيون فى كركوك و گرميان (من القرن 18 الى القرن 1 ق.م)''، مجله جامعه كركوك، عدد خاص ملحق المجلد 15، عدد 2، (2020).
6. السلماني، جمال ندا صالح، *الدولة الميتانية*، اطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، 2010.
7. السلماني، جمال ندا صالح، *العلاقات السياسية لبلاد الرافدين مع بلاد عيلام في العصر الاشوري الحديث*، رسالة ماجستير غير منشوره، مقدمة الى كلية الاداب في جامعة بغداد، 2003.
8. عباس، رجاء عادل، *الهجرة والتنقل والاستقرار في المشرق العربي القديم من مطلع الألف الثالثة الى نهاية الألف الثانية قبل الميلاد*، اطروحة دكتوراه، جامعة دمشق، 2018.
9. عبدالصمد، رافده عبدالله، كردستان العراق *في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى 612 ق.م*، اطروحة دكتوراه، غير منشورة، جامعة السليمانية، قسم التاريخ، (2008).
10. المزورى، عماد عبدالقادر مجد، الكاشيون، رساله ماجستير غير منشور، تقديم الى كليه الاداب فى جامعه صلاح الدين، 2002.
11. لويد، سيتون، *اثار بلاد الرافدين من العصر الحجري القديم حتى الغزو الفارسي*، ت.محمد طلب، دمشق، 1993.
12. هاري ساكز، *قوة اشور*، بغداد، 1999.

**سێیەم/ سەرچاوەکان بە زمانی فارسی**

13. جليليان، شهرام و على نيا، امير، "ورود كاسيها به ميان رودان و پيامدهاى آن"، *مجله پژوهش تاريخ اسلام و ايران*، عدد 16، (1391).

كينگ، ليوناردو، *تاريخ بابل از تاسيس تا غلبه ايرانيان*، تر.رقيه بهزادى، تهران، 1386.

**چوارەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

58. **ابراهیم، نوعمان جمعە، ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا''، *سێیەمین کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان زانکۆی سەڵاحەدین*، هەولێر،** 2019.
59. **جەلال، کامران کوێخا، مێژووی کۆنی کەرکوک لەبەر ڕۆشنای دەقەکانی نوزیدا، هەولێر،** (2008).
60. **دیاکونوف، ئی. م، شاتیواسای میتانی لە ئەررابخا، و.بەختیار سابیر حەمە، هەزارمێرد،** 21، (2002).
61. **دیاکونوف، ئی. م، میدیا، و. بورهان قانیع، چاپی دووەم، هەولێر،** 2008.

62. دەروێش، عزەدین جمعە و محەمەد، ئارام حەسەن، تایبەتمەندییە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان''، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە 1، (2017).

63. زاموا، دڵشاد عەزیز، کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانیەتی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنای بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا''، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 5 (2018).

64. عەلی یێف، ئیقرار، *پاشایەتی ماد*، و.سەلام ئیسماعیل پور، سلێمانی، 2016.

65. عەولا، بەختیار قاسم، *شارستانیەتی سەردەمی میتانی (1500-1265 پ.ز.)*، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سۆران، 2017.

66. ڤان دی میروپ، مارک، *مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن لە دەوروبەری 3000 -323 پ.ز*، و.عەلی نادر، سلێمانی، 2018،

67. ڤێلهێلم، گێرنوت، *مێژوو و شارستانییەتی خوری یەکان*، و. ئارام جەلال هەمەوەندی، دهۆک، 2008.

68. ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، پەراوێزی ژمارە 2، لە ئەمین زەکی بەگ، خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ب2، سلێمانی، 2021.

69. ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، ''خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تا ئیسلام''، لە: مێژووی خانەقی، ئامادەکردنی، مامۆستا جەعفەر (فاضل کەریم ئەحمەد)، سلێمانی ، 2017.



**Abstract:**

Garmian is a region of strategic, historical and cultural significance in ancient history. It is located in the southern Kurdistan Region and in the north of modern Iraq. Being located between the political powers of Southern Mesopotamia and the mountainous peoples of the north and east, many political conflicts and military clashes have taken place on its soil. It was also home of some piedmont peoples and political entities which have left their impression on its long history, such as Simurrum, Namri, Ḫarši Niqqum and others. Garmiyan was also part of the Mitanni Empire with its regional capital at Arrapḫa while Nuzi was one of its main urban centers. The Kassites too lived along the Sirwan/Diyala River and have played a major role in the events of the region, their presence is indicated by Kassite pottery shards and other artifacts discovered in several sites of the Garmiyan Region.

The current research focuses on the history of this important region in the second millennium BC, a period during which the great powers of Mitanni, Kassites, Assyrians, Elamites and others have bitterly contested for the control of Garmian for its strategic location and the trade routes passed through which connecting Mesopotamia, ancient Kurdistan Iran and beyond.


Keywords: Kassites, Mitannians, Namri, Babylon, Garmiyan.